فەرمانگەی میدیا و زانیاری

# ڕێبەری هۆشیاری فەرمانبەران

## بۆ خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا (COVID - 19)

## بۆ شوێنی کار لە دامەزراوە حکومییەکان

فەرمانگەی میدیا و زانیاری

# یەکەم

## ڕێوشوێنی سەرەکی خۆپاراستن



- خاوێنکردنەوەی ئەو کەرەستە و شوێنانەی بەردەوام بەکاردێن و دەستکاریدەکرێن وەکو ئامێری پەنجەمۆر، مێز و ئامێری فۆتۆکۆپی، کیبۆرد، دەسکی دەرگا و کەلوپەلی دیکەی شوێنی کار.



- دابینکردنی ماددەی کحولیی پاککەرەوە لە شوێنی کارکردن.



- دڵنیابوون لە بەردەستبوون و بەکارهێنانی ماسک لە لایەن هەمووان.



- شوشتنی دەستەکان بە شێوەیەکی بەردەوام لە لایەن فەرمانبەران و سەردانیکەران.



- ڕێگریکردن لە تەوقەکردن و بەردەوامبوون لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری خۆپارێزی.



- ڕێگریکردن لە کۆڕ و کۆبوونەوە، وۆرکشۆپ، خولی فێرکاری و ئەنجامدانی ئەم کارانە بە شێوەی ئۆنلاین یان پەیڕەوکردنی ڕێکاری تەندروستی سەلامەت وەک دووری کۆمەڵایەتی (١,٥-٢) مەتر، لە شوێنی کراوە و بەکارهێنانی ماسک و دەستکێش.

ڕێبەری هۆشیاری فەرمانبەران بۆ خۆپاراستن
لە ڤایرۆسی کۆرۆنا (COVID - 19)
بۆ شوێنی کار لە دامەزراوە حکومییەکان

# یەکەم
## ڕێوشوێنی سەرەکی خۆپاراستن



- ڕێوشوێنی تایبەت بۆ ڕێگریکردن لە تێکەڵبوون و بەریەککەوتنیان لەگەڵ ئەو هاووڵاتییانەی لە دەرەوەی وڵات دێنەوە بۆ ماوەی لانیکەم ١٤ ڕۆژ.



- دابینکردنی هۆکاری خۆپارێزی تاکە کەسی بە پێی بارودۆخی ژینگەی کاروگۆڕینیان لە کاتی پێویست.



- دابینکردنی زبڵدان، سابوون، خاوێنکەرەوەی دەست و سەرمێز بۆ فەرمانبەران.



- پەیڕەوکردنی ڕێکاری دووریی کۆمەڵایەتی بە مەودای ١,٥-٢ مەتر لە نێوان فەرمانبەران.

# دووەم

## ڕێوشوێنی خۆپارێزی بۆ دەستنیشانکردنی بەپەلەی هەڵگرانی ڤایرۆسی کۆرۆنا و کەرەنتین کردنیان



- دەستنیشانکردنی بەپەلەی هەڵگرانی ڤایرۆسی کۆرۆنا بە ئەنجامدانی پشکنینی سەرەتایی لە دەروازەی فەرمانگەکان.



- هاندانی فەرمانبەران بۆ چاودێریکردنی تەندروستی خۆیان و هاوکارانیان بۆ دەستنیشانکردنی نیشانەکانی ئەم ڤایرۆسە.



دانانی پلانێکی ڕێکوپێک بۆ جیاکردنەوەی هەڵگرانی ڤایرۆسەکە و ئەوانەی هەڵگری نیشانەکانن.

# سێیەم

## جێبەجێکردنی ڕێوشوێنی دوورەپەرێزی کۆمەڵایەتی و کەمترین بەریەککەوتن بۆ پاراستنی ژینگەی کار



هاندانی فەرمانبەران بۆ تاکپارێزیی و خۆپارێزیی و پابەندبوونیان بە ڕێنماییە تەندروستییەکان.



- پابەندکردنی بەرکەوتووان بە دوورکەوتنەوە و خۆپارێزی کۆمەڵایەتی لەگەڵ دەوروبەریان.

# چوارەم

## جێبەجێکردنی ڕێکاری سەلامەتی پیشەیی لە شوێنی کار



- ڕاسپاردنی تیمی بەرپرسیاری تەندروستی لەنێو دامودەزگاکان بۆ ئامادەکردن و چاودێریکردنی پلانی بەرەنگاربوونەوەی لەناکاو.

- بەردەوامبوون لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی وەزارەتی تەندروستی پەیوەست بەم پرسە و جێبەجێکردنی پلانی سەلامەتی و بەرەنگاربوونەوەی لەناکاو.



- بەرەنگاربوونەوەی سەرچاوەی گواستنەوەی ڤایرۆس چ لە ناوخۆ یان لە دەرەوەی کارکردن بۆ نەهێشتنیان.



- هاندان بۆ کردنەوەی دەرگا و پەنجەرەی ژوور و بیناکان بۆ ئاڵوگۆڕی بەردەوامی هەوا و قەتیسنەبوونی.

# چوارەم

## جێبەجێکردنی ڕێکاری سەلامەتی پیشەیی لە شوێنی کار



- بەکارهێنانی بەربەستی پلاستیکی لە کاتی پێویست بە تایبەتی لەسەر مێزی کارکردن.



- ڕاگرتنی سەردان و هاتوچۆی ناپێویست لە دەرەوەی کار.



- دانانی هێما هۆشیارییەکان و وێنەی ڕوونکەرەوە بۆ شێوازی دەست شتن لەسەر دەستشۆرەکان بە درووستی.




- پەیوەندیکردن بە هێڵی گەرمی ١٢٢ لە حاڵەتی لەناکاو بۆ وەڵامدانەوەی پرسیار و سکاڵای فەرمانبەران و چارەسەری بەپەلەی کێشەکانیان.



خاوێنکردنەوەی دەستشۆر و تواڵێتەکان بە بەردەوامی.

Ministry of Health
Kurdistan Regional Government - Iraq

فەرمانگەی میدیا و زانیاری

# تەندروستی ئێوە بۆ ئێمە گرنگە



تەندروستی ئێوە بۆ ئێمە گرنگە

٢٠٢٠